# ئامانج عەبدولاسوور... نەگبەتییەكی دیكەی گۆرانی و موزیكی كوردی ... كلپە عەزیز

چەند رۆژێكە برای نوسەر (ئامانج عەبدولا سوور) چەند بیردۆزێكی تازەی لەسەر موزیك و گۆرانی داهێناوە و هەرچەندە خۆی نرخ و بایەخی نوسینەكانی خۆی زۆر باش دەزانێت، بەلام بەو مەبەستە دەیاننوسێت تا وەلامی بدرێتەوەو خۆی بكاتە بابەتێكی گەرم، هەربۆیەش زوو وەلامم نەدایەوە، بەلام بێدەنگ بوون لەو چەواشەكردنانە وا لەو دەكات لە سەر هەلەكانی بەردەوام بێت و لە لایەكی تر خەلكی دیكەش بە هەلەدا دەبات. بۆیە ئەمەی خوارەوەم نوسی.

لە گەل ئەوەی كە كورد خاوەنی چەندین میلۆدیی فۆلكلۆری و دانراوی جوانە و لە ماوەی سەد سالی رابردوودا زۆر هونەرمەندی گۆرانیبێژی بە توانای نمونەی (مەزهەری خالقی، سەید عەلی ئەسغەر، حەسەن زیرەك، تاهیر تۆفیق، عەلی مەردان، حەسەنی جزیری، كەریم كابان، محەمەد عارفی جزیری و... ) و چەندانی دیكە كە وەكو كانی زۆر خۆرسكانە هەلقولان و كلۆلی و بی خاوەنی و بیولاتی بووە هۆی ئەوەی ئەو بلیمەتانە بەشێكی كەمی بەهرەكانیان نیشانی ئێمەبدەن و بەشە زۆرەكەیشیان لە گەل خۆیان بردەوە بۆ ئەو دنیا *.
لە هەمان كاتدا و لەم سەردەمەشدا دەیان گەنجی هونەرمەندی بە توانا لە هەردوو بواری موزیك و گۆرانی لە مەیدانن و زۆر بوێرانە هەول بۆ گەیشتن بەو كاروانە تیزرەوەی هونەری دنیا دەدەن، بەلام لە گەل ئەوەشدا بە داخەوە هونەری گۆرانی و موزیكی كوردی بەبەراورد لە گەل هونەری زۆربەی میللەتانی دنیا، هونەرێكی دواكەوتووە، چونكە تا ئێستاش (بە دەگمەن نەبێت) دەنا كارەكان زۆر عەشایرانە بەرێوە دەچن و زانستی موزیك پانتاییەكی زۆر كەم لە كاری گۆرانی ئێمە داگیر دەكات و موزیكی (رووت = مجرد) یشمان هەر نییە. هۆی دواكەوتنەكەش ئەوەیە كە تا ئێستا هیچ دەزگایەك كاری لە سەر لێكۆلینەوەی زانستی بۆ گۆرانی و بەرەپێشبردنی نەكردووە و تاقە دەزگایەك كە ئێستا كورد پێوەی دەنازێت ئەو چەند پەیمانگایەی هونەرە جوانەكانن لەو بەشە ئازادەی باشووردا كە سالانە چەند مامۆستایەكی خراپی قوتابخانەی سەرەتایی بەرهەم دەهێنن نەك هونەرمەند، ئەویش بەهۆی ئەوەی كە ئەو دەزگایانەش وەكو هەموو دەزگاكانی دیكە لە گەندەلیی هەردوو حیزبی حاكم بێبەش نەبوون و زۆربەی كات میزاجی مەسئولێكی نەخوێندەوار ی چەكدار سەنگی مەحەكی وەرگرتنی قوتابی بووە لەو پەیمانگایانە. جگە لەوە هەردوو حیزب زۆر زیرەكانە كاریان لە سەر خەساندنی هونەرمەندیی گەورەی دەرەوەی چوارچێوەی حیزبەكانی خۆیان كردووە و لە بەرامبەر ئەوانیشدا هونەرمەندانی (دەربار) یان پر پارە و گەورە كردووە لە رێگەی راگەیاندنەكانیان. هۆیەكی دیكەش كە رەنگە مەبەستی سەرەكیی ئەم نووسینەم بێت، نەبوونی رەخنەیەكی زانستیی و پرۆفێشنالانەبووە لە گۆرانی و موزیك، بە هۆی نەبوونی رەخنەگری موزیكایی خاوەن زانیاری و سەلیقە.
من هەرشتێكم لە سەر موزیك یان گۆرانی بەرچاو كەوتبێت نەمهێشتووە لە دەستم دەربچێت و هەولم داوە بیخوێنمەوە، بەلام هەرگیز جورئەت ناكەم وەكو رەخنەگرێكی موزیك بێمە مەیدان و شت بنووسم، چونكە پێم وایە رەخنەی بی بنەمای زانستی هیچ نرخ و كاریگەرییەكی نییە.

لەم ماوەیەی دواییی چەندین بابەتی برای نوسەر (ئامانج عەبدولا سور) م خوێندەوە کە لە سەر موزیك نوسیبووی و پێم خۆشە ئەم سەرنجانە بخەمە بەر چاوتان، بۆ ئەوەی کاك ئامانج و هاوشێوەکانی، موزیك و گۆرانی هێندە بە ئاسان سەیر نەکەن کە هەر کەسێك بیەوێت بە هەوەسی خۆی بیردۆزەی بۆ دابنێت و شەهوەتی قەومیانەی خۆی لە گۆرانی و موزیك بەتاڵ بکاتەوە.

کاك ئامانج من زۆر لە تۆ نەتەوەیی ترم و هەرگیز تەنازول لەوە ناکەم، بەڵام باش بزانە کە هونەر زۆر لە وە گەورەترو شامل تر و جیهانی ترە کە تۆ بە هەوەسی خۆت نەتەوەییانە پۆلێن و لۆکالیزەی بکەیت. تۆ هێندە هونەرت لا گەورەیە کە پێت وایە هونەر وەکو خۆی هێزی ئەوەی نییە هێندە کاریگەر بێت لەسەر یادەوەرییو هزری خەڵك تا پەنا نەباتە بەر بۆنەیەکی سیاسی یان نەتەوەیی، هەربۆیە گەورەیی (دیسان بارانە) ی حەسەن گەرمیانی تەنها لەوە دەبینییەوە کە ئامازەیەکی رەمزی بە نسکۆی ١٩٧٤ و هاتنە کایەی شۆرشی گوڵان دەکات، کە من پێم وایە هەرگیز وانییە چونکە ئەم دەقە فۆلکلۆرە و هەزاران ساڵ پێش گوڵانەکەی جەنابتان هەبووە، بەڵام نازانم تۆ بە چی مەبەستێك دەتەوی ئەو گۆرانییە ناشرین کەیت و بیبەستیتەوە بەو دوو حیزبەی کە گۆرانییەکانیشیان لی دوولەت کردین. ئەم چەواشە کردنە بۆچی؟

لەلایەکی دیکە تۆ هێندە نەتەوەییەکی لۆکال و بەرچاو تەسکی کە چاوت ئەو هەموو هونەرمەندە گۆرانیبێژ و موزیککارە بە توانایانەی شاری هەولێری خۆشەویست نابینێت کە ئێستا جێپەنجەیان بە گۆرانی کوردییەوە زۆر دیارە و من خۆم کە ئێستا لە هەولێر دەزیم دەتوانم دەیان هونەرمەندی بەتوانای هەردوو بوارەکەت بۆ بزمێرم کە سەرباری ئەو هەموو ئاستەنگانەی دەسەڵات دروستی کردوون لەبەردەم هونەرمەندی راستەقینە، ئەوان هەر بەردەوامن لەسەر کاری جوان. بەڵام بێگومان ئەوانەی تۆ بەردەوام لە سەر شاشەکان دەیانبینی ئەوە موچەخۆرەکانی حیزبن نەك هونەرمەندی راستەقینە بۆیە لەوانەیە تا رادەیەك ناحەقت نەبێت کە وا بە هەڵە دا بچیت.

تۆ کە هێندە فەقیر و کاڵفامیت لە بەکارهێنانی (term = زاراوەکان) و پێناسەکردنیان، بۆ بەکاریان دەهێنی؟ ئەوە کام بیرياری موزیك فێری کردی کە ئەگەر (ئالەتەکانی وەتەری و ئیقاعی و هەوایی) کاری کرد ئەوە سەمفۆنیایە؟ من نامەوی وەکو کاك (ئاسۆ دیلان) تێت بگەیەنم سەمفۆنیا و ستالەکانی دیکەی موزیك و قۆناغەکانی چین، چونکە ئەوەتا ئێستا نایزانی شەر بە کەسانێکی وەکو (عەدنان کەریم و نەجات ئەمین و عەبدولا جەمال) دەفرۆشیت، خۆ ئەگەر فێری بیت ئەوا دەبێت لەمەودوا جگە لە جەنابتان کەس زاتی باسکردنی گۆرانیو موزیك نەکات. لە هەموو مێژووی گۆرانیو موزیکمان کام گۆرانیبێژ و کام موزیکزەن وەکو بەختیار عەلی خوێندنەوەی جوانی هەبووە لە سەر گۆرانی و موزیك وەك ئەوەی کە لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) کردوویەتی؟ کەچی تۆ هێندە بلیمەت و پر زانیاریت، هەر زوو پەلاماری ئەویشت دا و ئەو نەگبەتەشت بەزاند کە بەس تەنها لەم رۆمانەیدا بە قەد باڵای تۆ حیکمەتی نوسیوە.

نازانم ئەوە کام (پازەرۆتی) ە؟ دەترسم مەبەستت (پاڤارۆتی) ی ئیتاڵی بێت و ئەمیشت هەروەکو ناوەکانی دیکە بە رێکەوت بیستبێت و بە هەڵە بە ئێمەی بفرۆشیتەوە. دوایی تێناگەم بۆ نابی عەدنان کەریم یان هەر گۆرانیبێژێکی دیکەی کورد لە گەڵ تیپێکی ئۆرکێست گۆرانی بڵی؟ من پێم وایە ئەم زانیارە گرنگانەی خۆت چیتر وا لەم سایتانە

هەرزانفرۆش نەکەیت و هەڵیانگری تا لەدوو توێی کتێبێکدا بڵاویان دەکەیتەوە، کێ ناڵی (برا و ە اختراع) یان پی وەرناگری؟ چونکە بە حەق هەموویان تازەن.

*مەزهەری خالّقی و کەریم کابان تا ئێستا ماون و هیوای تەمەندرێژیان بۆ دەخوازم.

هەولێر ١٤ – ٠٢ – ٢٠٠٦